# ئەخلاق و بێباوەڕی

## دوو نامەی ئۆمبێر تۆئێکۆ و کاردینال مارتینی

و: بەختیار حەمەخان

**مرۆڤ بەبێ ئایین چۆن دەگاتە پلەی ئیشراق؟**

**ئیکۆی خۆشەویست:**

پرسیارێك تەرح دەکەم کە دەمویست لە کۆتایی نامەکانی خۆمدا لێتان بپرسم، ئەو پرسیارەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد. ئەم پرسیارە پەیوەندی هەیە بە بونیادی بنچینەیی و مۆراڵی نائایینزایەکانەوە لە چوارچێوەی (پۆست مۆدێرنیزمدا). بە شێوەیەکی روونتر ئەوەی کە مرۆڤی نائایینزایی لە کاتی بەدیهێنانی سیستەمێکی مۆراڵی لەسەر بنەڕەتی میتافیزیك، لە بەها بەرزە یا تەنانەت لەو دەستووره رەهایانەی کە بوونێکی فراوانیان هەیە سوود وەرنەگرێت، لەو کاتەدا ئەم مرۆڤە نائایینزایە باوەڕ و چارەدۆزی رەفتارە مۆراڵیەکانی خۆی لەسەر چ پایەك دادەنێت؟ هەندێك لە خوێنەران سکالای ئەوەیان هەیە باتەکانمان لە رادەبەدەر ئالۆزن، لەم رووەوە پرسیارەکە ساکارتر دەکەمەوە، چی تاکی نائایینزایی رێنموونی دەکات؟ تاکێك کە پەروەردگارێك لە بەرامبەر خۆیدا ناناسێت، ناگەڕێتەوە بۆ هیچ رەهایەك، و لە هەمان کاتدا بانگەشەی سەرەتای مۆراڵی دەکات و باوەڕیان پێدەهێنێت، باوەڕ بەو سەرەتایانەی کە ئەم مرۆڤە نائایینزایە بەجۆرێك پابەندە پێیانەوە و ئامادەیە گیانی خۆی لە پێناویاندا دابنێت و هەر لەسەر ئەم سەرەتایانەیە تاك دیاری دەکات دەبێت چ کارگەلێك بە هیچ نرخێك ئەنجام نەدات یان بەهەر نرخێك ئەنجام بدات؟ تاکێکی لەم جۆرە چ هۆکارێك رێنموونی دەکات؟ هەڵبەتە ئەمانە یاسان، بەڵام بە چ ئیعتیبارێك دەخوازێت مرۆڤ گیانی خۆی بەخت بکات؟ ئەمە ئەو شتەیە کە دەمەوێت لەم سوڕەی گفتوگۆدا، لەگەڵ ئێوەدا لێی بکۆڵمەوە.

بەردەوام بیر لەوە دەکەمەوە هەموو ژنان و پیاوانی جیهانی ئێمە، تەنانەت ئەوانەش باوەڕیان بە خودا نیە، خاوەنی بونیادگەلێکی مۆراڵی دیاریکراون تا ئەو کاتەش ئەم بونیادانە بە وەفاداری دەمێننەوە کە ببنە رێنموونی کارەکارەکانیان بەرەو راستی و دادپەروەری. سەرەڕای ئەوە باوەڕم وایە خەڵکێکی زۆر هەیە بەلانی کەم لە هەلومەرجێکی ئاساییدا دەژین بە بێ گەڕانەوەشیان بۆ بونیادە ئایینیەکانی تایبەت بە مرۆڤ، لە هەمان کاتدا بەرەو راستی و دادپەروەری هەنگاو هەڵدەگرن. هەمیشە کەسانێك هەبوون خودای تایبەتیان نەبووە، لەگەڵ ئەوەدا ئامادەبوون گیانیان لە پێناوی باوەڕە مۆراڵیەکاندا دابنێن و هەنگاوێك لە سەرەتا مۆراڵیەکان لا نەدەن، بەڵام لە راستیشدا توانای تێگەیشتنم لەم دیاردەیە نیە کە ئایا بەڵگەی بونیادی ئەمجۆرە کەسانە بۆ رێکخستنی ئەم رەفتارانە چیە؟

روونە کە تەنانەت رەوشتی (نائایینزایی)ش دەتوانێت تەرز و بەها پێویستەکانی ژیانی هاوبەشی مرۆیی پەیدا بکات و بناسێنێت. لە راستیدا زۆرترین بەشە یاساییە نوێکانیش بەم شێوەیە پەیدا بوون.

بەلاّم دانانی پایە و بونیاد بۆ ئەم بەهایانە بۆ ئەوەی دووچاری ئالۆزی و نائارامی نەبن، بە تایبەت لە هەلومەرجێکی تووندا (بونیادێك بە ئاسانی تێکەلّ نەبێت لەگەلّ رێو رەسم و بڕیار و بەکارهێنرا و رەفتارە کۆمەلاّیەتیەکانیشدا)، بەلّکو بونیادێك بێت هەلّگری کێشێکی رەهای راستی و رەوشتی بێت٠

دانانی ئەم جۆرە بونیادە بەو واتا نیە پەیوەست بکرێت بە سەرەتا گەلێکەوە قبولّی گۆڕان بکەن و بتوانرێت قسەی زۆریان لەسەر بکرێت٠

ئەم دیاردەیە کاتێك قورسایی و گرنگی زیاتر پەیدا دەکات، هەنگاوێکی فراوانتر بهاوین لە قەلّەمڕەوی یاسا سزایی یان مافە مەدەنیەکاندا و بچینە نێو بازنەی پەیوەندی تاك لەگەلّ تاکێکی دیکەدا، بچینە نێو بانەی ئەو لێپرسراویەتنیەوە کە تاك بەرامبەر تاکێکی دیکە هەیەتی، بگەینە یاسا نەنووسراوەکان، بازنەی لەگەلّ یەکدیدا بوون و لێبووردنی ئازادانە٠

ئەگەر دەبینی بونیادە پاك هیومانیستەکان دەخەمە ژێر لێکۆلّینەوەوە مەبەستم ئازاردانی ویژدانی هیچ کەسێك نیە، تەنها دەکۆشم تێبگەم لەسەر ئاستی تێڕوانینیبونیادی لە ناواخنی ئەم ویژدانەدا چی دەگوزەرێت، هەر بەم مەبەستەوە پەیوەندی قولّتر لە نێوان ئایینزایی و نائایینزاییدا لە زەمینەی مۆرالّدا دەخەمە روو٠

پێشتر لە نێو ئایینە سەرەکیەکاندا گفتگۆ و باس لەسەر سەرەتا هاوبەشە رەوشتیەکان لە ئارادا بووە٠ ئامانج لەم گفتوگۆیە تەنها نەهێشتنی دژایەتیە ئایینیەکان نەبووە، بەلّکو بەرەو پێشەڤەبردنی مرۆڤایەتیش بووە، سەرەڕای لە ئارادا بوونی جیاوازیە مێژوویی و فەرهەنگیەکانیش ئەنجامی گفتگۆی لەم چەشنە ئەگەری هەیە، بۆچی لە کاتێکدا هەموو ئایینەکان هەر یەك بە شێوازی خۆی بۆ بونیادە ئەخلاقیەکانی خۆی دەستی گرتووە بە جۆرە نهێنیەکی بالاّوە٠ بەم شێوەیە دەتوانرێت کۆمەلّێك سەرەتای فراوان و تەرزی رەفتار دیاری بکرێت کە هەر ئایینێك لە رێگەیانەوە، هەم دەتوانێت پێناسی خۆی دیاری بکات و هەمیش دەتوانێت لە رێگەیانەوە لە هەولّێکی کۆییدا بەشداری بکات، بەبیّ ئەوەی ناچار بێت هیچ یەك لە باوەڕەکانی خۆی بخاتە ژێر پێیەوە٠

(لە راستیدا ئایین دەتوانێت بیّ پەردەپۆشی ئەم دیاردەیە بەرێبخات کە بە چ بەلّگەیەك پێویستە ئەخلاقیات، تەرزەکان، بەها مۆرالّیەکان بە شێوەیەکی بێسنوور و بیّ بەند و مەرج بەدیهێنەری ئەم پەیوەندیە بن }نەك تەنها لە کاتێکدا گونجاو بێت{ و لە ئەنجامدا ئەم پەیوەندی و پێکەوە گونجانە فراوانە هەبێت }ئەمەش بۆ هەموو چین و پلە کۆمەلاّیەتیەکان و هەموو نەژادەکان{٠ مرۆڤ ئەوەندە پایەداری دەکات کە خۆی بە خاوەنی بونیادێکی ئیلاهی و پیرۆز بزانێت٠ تەنها بێسنوور و بیّ بەند و مەرج دەتوانێت بە شێوەی بێسنوور و بەند و مەرج سەپێنەر بێت، تەنها رەهایشە دەتوانێت بە شێوەی رەها بە یەکمانەوە ببەستێتەوە) }هانس کۆنگ٠ بەرنامەیەك بۆ ئەخلاقیاتی جیهانی{٠

ئایا گفتگۆی لەم چەشنە دەربارەی ئەخلاقیات لە نێوان ئایینداران و بێئایینەکان، بەتایبەت لە نێوان کاسۆلیکەکان و نائایینزاییەکاندا ئەگەری هەیە؟ من لە رێگەی پەیوەندی لەگەلّ کۆمەلّێك لە مەزهەبیەکانەوە هەولّمداوە هەندێك لە بەلّگە قولّ و تا رادەیەك رەها کە لە پشت رەفتارە مۆرالّیەکانی ئەواندا وەستاوە تێبگەم٠ بۆ نموونە زۆر پەیوەندیم هەیە بەوەی بزانم ژێرخانی بیرکردنەوەی هەندێك لە خەلّکی سەبارەت بە یەکێتی و پەیوەندیان چیە،

ئەمەش بەبێ هیچ پشت بەستنێك بە خوداوەندەوە وەك باوك كە بەدیهێنەری رەهایە، یان بە پشت بەستن بە هاوڕێ عیسا مەسیح٠

تێگەیشتنی من ئەوەیە ئەم نائایینزایانە كەم و زۆر دەیانەوێت بڵێن ئەوی دی لە ناخی ئێمەدایە، ئەوی دی بەشێكە لە ئێمە، خۆشمان بوێت یان لێی بێزار بین، یان كەمترخەم بین بەرامبەری٠

تێبینی دەكرێت ئەم زیهنیەتی (ئەوی دی لە ناخی ئێمەدایە) لە دیدی بەشێك لەبیركردنەوەی نائایینزایی، بونیادێكی بنچینەییە بۆ وێناندنی پەیوەندی٠ لە تێڕوانیندا زۆر بزوێنەرە، تایبەت كاتێك لەكردەوەدا دەیبینین بە حاڵەت گەلێك لە پەیوەندی كۆتایی دێت و تا سنورێكی دووردەست فراوان دەبێت و بێگانەكان دەگرێتە خۆی٠ شتێكی دیكەش من رادەبسكێنێت، كاتێك ئەمە دەخەینە پاڵ بیركردنەوەكانی (سێن پۆڵ)ەوە (پۆلسی پێغەمبەر) لە رووی جەستەییەوە بەشێكن لەو، ئەم هەلومەرجە حاڵەتێكی واقیعگەرایی بەهێز دەگرێتە خۆی و دەتوانێت وەك رێگەیەك بەرەو باوەڕی مەسیحیەت سەیر بكرێت٠ بەڵام بیر لەوە دەكەمەوە كە ئایا بەهرەمەندە لە توانایەكی باوەڕی حەتمی، یان ئایا ئەو توانایەی هەیە بۆ نمونە، لێبوردن دوژمنانی تاكیش بگرێتەوە یان نا، بەبێ بوونی سەرمەشقێكی وەك مەسیح و بەبێ وتەكانی كە لە كاتی لەخاچدانیدا لە خاچدەرەكانی خۆش بوو، سوننەتە ئایینیەكان لەمباریەوە دوچاری ئیشكال دەبن، لە كاتێكدا لەبارەی سوننەتی ئایینیەوە بەم شێوەیە بێت، ئیدی لەبارەی سیستمێكی مۆراڵی نائایینزاییەوە چۆنە؟ من چاك دەزانم خەڵكانێكی زۆر هەن رەفتاریان لە رووی ئەخلاقیەوە دروستە و هەندێكجار كارگەلێك دەكەن ئاماژە بە رەگەزدۆستیان دەكات، ئەمە لە كاتێكدا نە بونیادێكی باڵایان هەیە بۆ هەوڵەكانیان ، و نە لە بوون یان نەبوونی بونیادی باڵا بۆ كۆششەكانیان ئاگادارن و نە باس لە بەدیهێنەری باڵا دەكەن، و شایەتی بۆ پەیامە ئەخلاقیەكانی خوداوەندی گەورە دەدەن، و نە ئاماژە بە مردن و زیندووبوونەوەی عیسا و دەستی توانای (رۆحی پیرۆز) دەكەن، و نە هیچ تێڕوانینێكیان هەیە سەبارەت بە ژیانی جاویدانی٠ باوەڕە مۆراڵیەكانی من لەم راستیانەوە هێزی خۆی وەردەگرێت، ئەو باوەڕانەی كە ئومێدەوارم هەمیشە لەكاتی بێهێزیدا، ببنە مایەی هێز و روناكی رێگەی فراوانی كارەكانم٠ بەبێ ئەم سەرەتایانە یان سەرەتای هاوشێوەیان، مرۆڤ چۆن دەتوانێت روناكی و هێزی پێویست پەیدا بكات بۆ كارە چاكەكانی، ئەمەش لە كاتێكدا نا كە كاری چاكە ئاسانە، بەڵكو لە كاتێكدا كە سنوری یەقینە مرۆییەكان لە مەحەك دەدرێن، لەكاتێكدا مرۆڤ لەگەڵ مەرگدا بەرامبەر یەك دەوەستن، بۆچی مرۆڤدۆستی، دڵپاكی، رێزگرتنی ئەوانی دی و لێبوردن لە دوژمنان چاكەن؟ بۆچی هەمیشە ئەم بەهایانە بۆ دژەكانیان بەكار دێن؟ بۆچی ئەمانە ئەو نرخەیان هەیە مرۆڤ لە پێناویدا گیانی بەخت بكات؟ مرۆڤ لە كوێدا بگاتە ئەو دڵئارامیەی كە كامەیان مرۆڤدۆستانەیە و كامەیان مرۆڤدۆستانە نیە؟ ئەگەر بزوێنەرێكی ئامانجگەرایی باوەڕپێكراو نەبێت بۆ ئەم تێڕوانینانە، چۆن تارادەیەك هەمیشە سەركەوتوو دەبن؟ تەنانەت ئەگەر ئەوانەی كە بۆ رەفتاری ئەخلاقی بەڵگەی بەهێزیان هەیە، هەوڵبدەن لە سازش و تەسلیم بوون رزگاریان بێت، ئیدی چی بەسەر ئەو كەسانەدادێت كە بەڵگەی بێهێز و نائارامەوە كار دەكەن؟

تێگەیشتن لەم نوکتەیە بۆ من ئاڵۆزە، بوونێك كە دەربڕی ئەم پێوانانەیە (مرۆڤدۆستی، دڵپاكی، دادپەروەری، پەیوەنداری، لێبوردن) ئەگەر نرخی ڕەهای ئەم پێوانانە لەسەر بونیادی سەرەتا میتافیزیكیەكان یان خودای تاك نەوەستا بێت، ئەم بوونە چۆن دەتوانێت بۆماوەیەكی درێژ و لە هەموو هەلومەرجێكی دیاریكراودا بەردەوام بمێنێتەوە و پایەدار بێت٠

بەدەستهێنانی زەمینەیەكی هاوبەش لە نێوان مرۆڤە نائایینی و ئایینیەكاندا زۆر گرنگە، لە زەمینەیەكی هاوبەشی لەم چەشنەدایە هەر دوو گروپ دەتوانن بۆ چاكتركردنی مرۆڤایەتی، بۆ ئاشتی و دادپەروەری چالاكی ئەنجام بدەن، پشتبەستن بەكارێكی مرۆیی بەئاشكرا سەرەتایەكی پێویستە زەمینەیەكی گشتی و فراوان بۆ بیركردنەوە و كاركردن بەدیبێنێت، ئەویش ئەوەیە: هەرگیز بەرامبەر كەسێكی دیكە لەبەرژەوەندی خۆمان و زیانی ئەوی دیدا نەبین، هەمیشە و لە هەموو شوێنێكدا ڕێز لەوانی دی بگرین، هەمیشە بەچاوێكی واقیعەوە سەیری ئەوانی دی بكەین، بیانپارێزین و خراپ سوودیان لێوەر نەگرین، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، لە قۆناغێكی تایبەتدا مرۆڤ دەبێت لەخۆی بپرسێت راستیەتی ئامانجداری ئەم سەرەتایانە چیە، ئەگەر كاری مرۆڤ لەسەر ئەم واقیعیەتە نەوەستا بێت كە هەر تاكێك گیانی بەرەو ئاراستەیەكی فراوانتر لەخۆی و گەورەتر لەخۆی، كەواتە كاری مرۆیی لەسەر چ پایەیەك وەستاوە؟ تەنها لەم ڕێگەیەوە كار و ڕێزی مرۆیی لەكارگەلێكی پەست تردا ناوەستێتەوە، تەنها لەم ڕێگەیەوەیە دەتوانرێت ڕێزی مرۆڤ مسۆگەر بكرێت، ڕێزێك هیچ شتێك ناتوانێت بیخاتە ژێر گومانەوە٠ من پەرۆشی لایەنگری بەهێزكردنی پارێزگاری لە هەر شتێكم كە ببێتە هۆی گەشەپێدانی كۆبونەوەی كاری نێوان ئایینزاییەكان و نائایینزاییەكان، ئەو كارەی كە لە بەرژەوەندی پێشكەوتنی مرۆڤایەتیدایە٠ لەوەش بەئاگام گەر بێت و لەسەر سەرەتا بونیادیەكان ڕێكنەكەوین، لەو كاتەدا كە دەگەینە بابەتە یەكلاكەرەوەكان، یاخود پرسیارەبڕندەكان ئەوە دێتە پێشەوە كە جیاوازیەكی بونیادی ئاشكرا دەكات، پەیوەندی دژوارتر دەكات و دادوەریە ئەخلاقیە دژەكان دەكەونە كەناری گوتەزا سەنتەریەكانی ژیان و مەرگ هێدی هێدی خۆی نیشان دەدات٠

كەواتە دەبێت چی بكرێت؟ لەباتی ئەو مەسەلانەی لەگەڵ یەكدا هاوڕاین بە نەوازش و تەنازول لەگەڵ یەكدیدا بەرەو پێشەوە بڕۆین و ئومێدەواریش بێن تێڕوانینە دژ و جیاوازەكان هەرگیز رووی خۆیان نیشان نەدەن٠یان ئەوەتا هاوكاری لەگەڵ یەكدیدا بكەین و لۆژیكی ڕێكەوتنی هەمەكی لەسەر بابەتگەلی وەك دادپەروەری و ئاشتی و كاروباری مرۆیی شیتەڵ و قوڵ بكەینەوە، بەو مەبەستەی كە بەو سەرەتا نەگوتاراوانە بگەین كە لەو دیوی بڕیارە ڕۆژانەییەكانماندا دیارن، ئەو سەرەتایانەی كە یاخود ڕێكنەكەوتنی بونیادی ئاشكرا دەكەن و مەسەلەكە وەك پێشوو دەمێنێتەوە، یان ئەگەری جموجوڵ بەرە و ئەو نهێنیانەمان دەبەن كە هەموومان دەتوانین باوەڕی پێبێنین، بۆچی نا لە كاتێكدا ئەم نهێنیانەن هەلی جیهانێكی باشتر و مرۆیی ترمان بۆ دەرەخسێنن٠دەربارەی ئەم پرسیارە مەتەڵئامێزەیە دەمەوێت تێڕوانینی خۆتان بخەنە روو٠ باسكردن رادەكێشێت كە لە بابەتی سەرەتا ژێرخانیەكانن٠ لەم رووەوە بەشایەن دەزانرێت ئەم بابەتە شیتەڵ بكەینەوە، هەردووكمان بیركردنەوەكانمان روون بكەینەوە و دیدگای یەكدیش باشتر تێبگەین٠

كارلۆ ماریا مارتینی٠

## ئەخلاقیات لە ئامادەبوونی ئەوی دیدا لەدایک دەبێت.

مارتینی خۆشەویست:

نامەکەتان منی لە شوێنێکی دژوار دەرهێنا تا بمخاتە شوێنێکی هەمان ئەندازە دژوارەوە. ئەوە من بووم تا ئەمڕۆ نهێنی گفتوگۆم دەکردەوە و ئەو کەسەی کە لەم گفتوگۆیانەدا دەرگای قسەکردن دەکاتەوە بێ مەبەست پرسیارەکانی خۆی بە سەرنجدان لەو وەڵامەی چاوەڕێی دەکات لەبەرامبەرەکەیەوە رێکدەخات. لەم رووەوە هەست دەکەم وەك لێکۆڵەر و بەدواداچوویەکی فیکریم لێهاتووە. لەبەر ئەوەش کە بەم شێوەیە بوو من لەمکارەی ئێوە چێژی زۆرم وەرگرت کە لە هەرسێ جارەکەدا بەیەکلاکەرەوەیی و نەوازش خوێنەرەکانت لەسەر ئەو ئەفسانە نادروستە رزگار کردووە کە یەسوعەکان هەمیشە پرسیارێك بە پرسیارێکی دیکە وەڵام دەدەنەوە.

بەڵام دەبینم ئێستا تەرحی پرسیار لە لایەن ئێوەشەوە دژوارە، ئەگەر من فێرکردنی ئائیینیم ببینایە، دەبوو وەڵامەکەم نرخێکی هەبووایە. بەڵام من بە توندی لەژێر کاریگەری پەروەردەی کاسۆلیزمدام، ئەگەر بمەوێت بەوردی ئەو مێژووە دیاری بکەم تا تەمەنی بیست و دوو ساڵی بووە. سیکۆلاریزم میراتێك نەبوو بە هەڵچوون وەرم گرتبێت. نائایینزایی من بەرهەمێکی بەدەستهاتووی درێژ و لەسەرخۆ و گرانە. من هێشتا بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە نازانم ئایا هەندێك لە بیرو باوەڕە مۆراڵیەکانم ریشەیان لە هەمان ئەو پەروەردە ئایینیەدا هەیە کە سەرەتا بە توندی منی خستبوویە ژێر کاریگەری خۆیەوە یان نا؟ ئێستا کە تەمەنێکم کردووە، دەبینم هاوکارەکانم دەچنە سەر خوانی خودایی، بەبێ ئەوەی بە (ئامادەیی) بە واتای واقیعی ئەم وشەیە باوەڕیان هەبێت، و بێ ئەوەی پێڕاهاتبن. پاش ئەم هەموو ساڵانە، ئێستاش کاتێك کە یادی بێ رێزی بەرامبەر پیرۆزیەکان دەکەمەوە (لە یەکێك لە زانکۆ کاسۆلیکیەکانی دەرەوەدا کە مامۆستای نائایینزایی بەکار دەهێنن، پاشان داوایان لێدەکەن رەوشی ئایینزایی رەچاو بکەن) هەراسان دەبم.

لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وایە دەتوانم بڵێم (ئایین پەرستی) نائایینی من لەمڕۆدا لەسەر چ بونیادێك وەستاوە، بێگومانم لەو باوەڕەی کە –تەنانەت لە نائامادەیی باوەڕ بە خوداوەندی تاك و لاهوت– شێوە گەلێك لە ئایین پەرستی هەیە و لە بەرامبەردا بە لێپرسینەوە و چاوەڕوانی، و بەرامبەر بەهاو نەفەسی لەگەڵ شتێکی گەورەتردا لە ئارایە. بەڵام کاتێك نامەکەتانم خوێندەوە ئەوەم دەستگیر بوو کە ئێوەش وەك من هەر بەو شتەی کە لە سەری وەستاوم دەوەستن. لە راستیدا ئیوە لە سیستەمە ئەخلاقیەکان دەپرسن، چیە ئەو شتەی باوەڕپێکراوە و نکۆڵی لێنەکراوە.

دەمەوێت پانتایی قسەکانم فراوانتر بکەم، هەندێك لە مەسەلە ئەخلاقیەکانم زیاتر بۆ روون دەبنەوە، نامۆش نیە ئەگەر بە تێڕوانینی دەستەیەك بابەتەکەی ئێمە زیاد لە ئەندازە ئاڵۆز بێت بێگومان (دۆزینەوەکانی) راگەیاندنی دەستەیەك کە بە روونی شیاوی پێشبینی کردنن،

خوێنەرەكانیان هانداوە لەچوارچێوە سادەكاندا بیر بكەنەوە، رێگە بدەن بیركردنەوەی قوڵ فێر بن، بۆچی نا لە كاتێكدا نە خودی ئەو هێما و رازە شتێكی سادەیە و نە بەڵگەكانیشی٠

ئەوەی جێی باسە ئەوەیە دەمانەوێت بزانین ئایا (واتاناسیەكی گشتی) هەیە، ئایا چەمك گەلێكی سەرەتایی هەیە كە لە لایەن رای تاكی رەگەزی مرۆیی هاوبەش بێت و بتوانێت بە هەموو زمانەكانەوە دەر ببڕێت یان نا٠ بابەتێكی ئاسان نیە، لە كاتێكدا لەوە دەگەین ئەو فەرهەنگ و چەمكانەی كە بەرای ئێمە سەلماوە ئەوان نایناسن، بۆ نمونە ئەو ئایدیایەی كە مادده خاوەنی سیفەتگەلێكی تایبەتە (وەك كاتێك دەڵێین }سێو, سوورە{) یان ئایدیای یەكسانی (a = a)٠ لەگەڵ هەموو ئەمانەدا من دڵنیام چەمك گەلێك هەن كە لە لایەن هەموو فەرهەنگەكانەوە هاوبەشن و هەموو ئەم چەمكانەش ئاماژە بە حاڵەت و هەلومەرجی جەستەیی ئێمە دەكەن لە بۆشاییدا٠ ئێمە لەو گیاندارانەین كە بە پێوە دەوەستن، هەر كاتێكیش بمانەوێت ئاوەژوو ببینەوە (سەرلەزەوی، پێ لە ئاسمان) سەختە بەلامانەوە، كەواتە هەموومان خاوەنی چەمكی سەروخوارین و ئەو تێڕوانینەشمان هەیە سەر بە باشتر لە خوار بزانین٠ سەرەڕای ئەوەش چەمكی راست و چەپمان هەیە، چەمكی جووڵە و وەستانیش، هەستانەوە و خەوتن، خشۆك رۆیشتن و بازدان، بێداری و خەوتن٠ هەموومان دەست و پێمان هەیە، هەر بۆیە باش دەزانین بەركەوتن لەگەڵ شتێكدا بە توندی یانی چی، دەستدان لە شتێكی نەرم یان دەست خستنە ناو شلەیەكەوە یانی چی، گوشین یان راوەشاندن یان سرەواندن، لەقە لێدان و رەنگە سەماكردن یانی چی، هەر بەم شێوەیە دەتوانین بەردەوام بین و بگەین بە بینین و بیستن و خواردن و خواردنەوە و قووتدان و تفینەوەش، بەزۆری هەموو مرۆڤەكان ئەندێشەیەكیان لە واتای دەركردن هەیە، یان بەبیر هێناوە، یان هەستی حەز و ترس و خەم و خەیاڵی ئاسوودە و چێژ و ئازار، و بۆ دەرخستنی ئەم هەستانە كۆمەڵێك دەنگ دروست دەكەن، لە ئەنجامدا (هەر لێرەوەیە دەچینە نێو قەڵەمڕەوی مافەكانەوە}RIGHTS{) ئێمە خاوەنی چەمك گەلێكی جیهانی سنووورداری و مەرجدارین، حەز ناكەین هیچ كەس رێگر بێت لە قسەكردن، بینین، گوێگرتن، خەوتن، قووتدان، تفینەوەی ئێمە بگرێت، یان رێگەنەدان بۆ ئەو شوێنەی دەمانەوێت بڕۆین، ناڕەحەت دەبین ئەگەر كەسێك بێت و بمان بەستێتەوە، لەوانی دی جیامان بكاتەوە، ئازارمان بدات یان بمانكوژێت، یان بێت و ئازاری جەستەیی یان دەروونیمان بدات، و ببێتە هۆی كەمكردنەوە یان وێرانكردنی توانای بیركردنەوەمان٠

تا ئێرە من باسم لە جۆرێك لە مرۆڤ كردووە بێ هاوتایە و تایبەتمەندی ئاژەڵی هەیە، ئەم مرۆڤە هێشتا نازانێت سێكس چیە، چێژ و گفتوگۆ چیە، خۆشەویستی باوك و دایك بۆ منداڵ چیە، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، تەنانەت لەم قۆناغەشدا (گەر بۆ ئەوانی دیش نەبێت) بەلانی كەمەوە بۆ ئێمە، ئەمە بووەتە واتا ناسیەكی بونیادی بۆ دروستكردنی سیستەمێكی مۆراڵی: دەبێت ئێمە زیاد لەهەر شتێك رێز لە مافە جەستەییەكانی ئەوی دی بگرین، لەوانە مافی قسەكردن و بیركردنەوە، ئەگەر هاوڕەگەزەكانمان رێزیان لەم مافانە بگرتبا جینۆسایدكردنی بێتاوانەكان هەرگیز رووی نەدەدا مەسیحیەكانیان نەدەكردە خۆراكی شێران، شەوی نەمایشی (بارسۆلۆمی) و كۆمەڵكوژی پرۆتستانتەكان پێش نەدەهات، رافیزەكانیان بەزیندوویی نەدەكردە خۆراكی ئاگر، ئوردوگاكانی مەرگ بەدی نەدەهاتن،

سانسۆر نەدەبوو، کاریان بە منداڵان نەدەکرد لە کارگەکاندا، کارەساتی بۆسنە رووی نەدەدا.

بەتێڕوانین لەو کۆمەڵە غەریزەیە لە تێگەیشتنە گشتی و فراوانانەی باسکران، چۆن دەشێت ئەو ئاژەڵەی لێرەدا وێنام کردووە، ئاژەڵێك هەمووی سەرگەردانی و دڕندەییە، چۆن دەگونجێت تێبگات دەیەوێت چ شتێکی دیاریکراو ئەنجام بدات و چی بەسەردا نەهێنرێت، بەڵکو دەتوانێت لەوەش تێبگات کە نابێت ئەو شتانەی کە حەزیان لێناکات بەسەریدا بێنن، بەسەر خەڵکی دیکەیدا بهێنێت؟ خۆشبەختانە باخی جاویدانی بەخێرایی نیشتەجێیی نەبووە، ئەو کاتەی کە ئەوی دی پێدەخاتە مەیدانەوە، ڕەهەندی مۆراڵیش دەست بەکار دەبێت. هەموو یاسایەك مۆراڵی بێت یان مەدەنی پەیوەندی تاکێك لەگەڵ تاکێکی دیکەدا ڕێکدەخات، لەوانەش پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە یاسا بەکاردەهێنن، ئێوەش ئەو باوەڕە بە مرۆڤی نائایینزایی پارێزگار دەدەن کە ئەوی دی لەناخی ئێمەدایە، ئەم خواستە تێڕوانینێکی نادیاری سۆزی نیە، بەڵکو حاڵەتێکی بونیادیە، وەك لە سیکۆلارترین زانستە کۆمەڵایەتیەکانەوە فێری بووین، ئەمە ئەوی دیکەیە، تێڕوانینی ئەوە ئێمە روون دەکاتەوە شوێنمان دیاری دەکات. وەك چۆن بەبێ ئاو و خەو ژیان بوونی نیە، هەر بەو شێوەیە بەبێ تێرامان و پەرچەکرداری ئەوی دی ناتوانین تێبگەین ئێمە کێین. تەنانەت ئەو کەسانەش کە هەڵدەستن بەخەڵك کوشتن و دەستدرێژی سێکسی و دزی، لە چەند چرکەیەکی ئاراوتەدا بەمکارانە هەڵدەستن، لە کاتەکانی دیکەدا داوا لە بەرامبەرەکانیان دەکەن ڕێزیان لێبگرن و خۆشیان بوێن و ستایشیان بکەن. تەنانەت لەو کەسانەش کە بوونەتە قوربانی سووکایەتی و پەستیەکانیان لە چوارچێوەی ترس و تەسلیم بووندا داوای ناسین و ڕێز دەکەن.

بەبێ پەسەندکردنێکی لەم چەشنەن کۆرپەلەیەکی بەرەڵاکراو لە دارستاندا نابێتە مرۆڤ (یان وەك تەرەزان لە سیمای مەیمونێکدا بە دووی ئەوی دیکەدا دەگەرێت)، ئەگەر لە نێو کۆمەڵێکدا بژین کە هەموویان بەشێوەیەکی هەماهەنگ بڕیاریان دابێت هەرگیز سەیرمان نەکەن و بەشێوەیەك ڕەفتارمان لەگەڵدا بکەن وەك ئەوەی بوونمان نەبێت، لە ڕاستیدا یان دەمرین یان شێت دەبین.

کەواتە چۆنە هەندێك لە فەرهەنگەکان کوشتن و مرۆڤخۆری و زەبوونکردنی جەستەی مرۆڤەکان پەسەند دەکەن، یان لە ڕابردوودا پەسەندیان کردووە؟ ئەو بەڵگە سادەیەی کە فەرهەنگەکان بەرهەمی خۆیان لە (ئەوی دیکە) بەخێڵ یان نەتەوە سنووردار دەکەن و (بەربەرەکان) بێگانەکان بە چاوێکی نامرۆڤ بوونەوە سەیر دەکەن، تەنانەت خاچدروشمەکان بە دیدێکی برادەریەوە سەیری بێباوەڕەکانیان نەدەکرد وەك ئەوەی پێویست بێت بێ ئەندازە خۆشیان بوێن. تێگەیشتن و پەسەندکردنی ئەو وێنەیەی کە ئەوی دی بەجێی دەهێنێت، لە پێویستی ڕێزگرتن لە نیازەکانی ئەوی دی، ئەو نیازانەی کە بەبێ بە ئەنجام گەیاندنیان درێژەدان بە ژیانی خۆمان ئاسان نابێت، بەرهەمی پێشکەوتنێکە بەهەزار ساڵ بەدیهاتووە، تەنانەت فەرمانی مەسیحیەت ئەو کاتە ڕاگەیەندرا و بەباشی بوویە مایەی پەسەندی خەڵکی کە کاتی گونجاوی بۆ سازدرا بوو.

لە من دەپرسی ئایا ئاگایی گرنگیدان بە ئەوی دی بۆ من مایەی بونیادێکی ڕەهایە یان نا، دیوارێکی پایەدارە بۆ ڕەفتاری ئەخلاقی یان نا. لە وەڵامی ئێوەدا دەمتوانی بڵێم ئەوەی ئێوە ناوتان ناوە بونیادی ڕەها هێشتا نەیتوانیوە زۆرێك لە باوەڕداران لە ئەنجامدانی گوناه

دوور بخاتەوە، لە کاتێکدا لەسەر گوناە بەردەوام بوون. ئیدی لێرەدا باسەکەمان بەکۆتایی دەگەیشت. تەنانەت لە نێو ئەو کەسانەشدا کە ئەندێشەیەکی پایەدار و ژیانێك لە چاکەیان هەیە، دیسانەوە وەسوەسەی گوناهکردن لە بۆسەدایە بۆیان. بەڵام ئەوەی بەچاکی دەزانم ئەوەیە دوو داستانی تایبەت باسبکەم کە مایەی تێڕامانی زۆرە بۆ من.

رووداوی یەکەم پەیوەندی بە نووسەرێکەوە هەیە کە خۆی بە کاسۆلیك دەزانێت وەك ئەو شێوە تایبەتەی کە خۆی دەیبینێت و من ناوی ئەو نووسەرە ئاشکرا ناکەم، چونکە ئەم داستانەی لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا بۆ باسکردووم. داستانەکە پەیوەندی هەیە بەسەردەمی پاپا ژانی سیانزەهەمەوە ئەم دۆستە بە تەمەنەی من زۆر بەپەرۆشیەوە باسی چاکەکانی پاپی دەکرد و دەیووت: ( بە ئاشکرا و دەست ئەنقەست پێچەوانەی دەگووت) (بێگومان پاپا ژان بێباوەڕە تەنها ئەو مرۆڤانە دەتوانن هاوڕەگەزکانی خۆیان بەم ئەندازەیە خۆشبوێت کە باوەڕیان بە خودا نەبێت).

ئەم دژایەتیە وەك هەموو دژەکان بەشێك لە راستی لەخۆ گرتووە، هەر کاتێك ئەم بێباوەڕە لە لێپرسینەوەکانی خۆمان بکەینە دەرەوە (ئەو رووەی کە لە دەروونناسی ئەودا لە بازنەی ئاگایی مندا دەگوزەرێت ئەوەیە بۆچی منیش وەك کانت تێناگەم چۆن دەگونجێت کەسێك باوەڕی بەخودا نەبێت و بتوانێت باوەڕی بە خودا نەبێت و باوەڕی وابێت دەتوانێت نەبوونی خودا بسەلمێنێت)،بەلامەوە روونە کەسێك کە هەرگیز (باڵایی) ئەزموون نەکردووە یان لە دەستی داوە، ئەمجۆرە مرۆڤە بتوانێت بۆ ژیان و مەرگی خۆی واتایەکی هەبێت، دەتوانێت هەر بەو عیشقەی بۆ ئەوانی دی هەیە بە ئارامی بگات، یان بە کۆششی خۆی لە زامنکردنی ژیانێکی شایستە بە ژین بۆ ئەوانی دی بە ئارامی بگات، تەنانەت پاش ئەوەی کە خودی ئەویش لە نێواندا نیە. بێگومان دەستەیەك لە نائایینزایان هەن بە هیچ شێوەیەك نیگەرانی واتا بەخشین بە مەرگی خۆیان نین، و لە هەمانکاتدا کەسانێك هەن بانگەشە بۆ باوەڕ دەکەن، بەڵام باکیان نیە بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان دڵی کۆرپەیەکی زیندوو لە سنگیدا دەربهێنن. توانای سیستەمی مۆراڵی بە رەفتاری قەشەکان دەپێون نەك ئەو بەدبەختانەی بێجگە لە سکیان خودایەکی دیکە ناناسن.

ئەم داستانە بیری داستانی دووەمم دەخاتەوە. هێشتا تەمەنم کەم بوو کاسۆلیك بووم، شازدە ساڵ بووم تووشی گفتوگۆیەك بووم لەگەڵ پیاوێکی ناسراودا کە لە من گەورەتر بوو (کۆمۆنیست بوو) کۆمۆنیست بە چەمکی ترسناکی پەنجاکان، کاتێك گەرم بووم. پرسیارێکی زۆر گرنگم تەرح کرد. چۆن دەگونجێت کەسێکی وەك ئەو کە بێ ئایینە، بتوانێت واتایەك بە مەرگی خۆی ببەخشێت لە کاتێکدا واتا بەخشین بەبێ باوەڕی ئایینی بێمانایە؟ وەڵامی دایەوە: (پێش مردنم رادەسپێرم رێو رەسمێکی بەخاکسپاردنی گشتیم بۆ ساز بکەن، بەو نیەتەی کە ئیدی من بوونم نیە، ببم بە سەرمەشق بۆ ئەوانی دی).

رەنگە ئێوەش بتوانن باوەڕی قووڵی ئەم پیاوە درێژە پێبدەن و سوپاسی بکەن، هەروەها بە چەمکی رەها رێز لەو ئەرکە بگرن کە زیان دەبەخشێت بە وەڵامی ئەو. هەر ئەم واتایەیە دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرێك لە نائایینیەکان لە ژێر ئەشکەنجەدا بمرن و خیانەت لە هاورێکانیان نەکەن و کەسانی دیکەش خۆیان بخەنە نێو پەتای تاعون تا بتوانن ئازاری ئەوانی دی تیمار بکەن.هەندێکجار هانی نووسەر دەدات بۆ نووسین و فەیلەسوف بۆ فەلسەفاندن، ئامانج دانانی پەیامێکە لەناو بوتڵێکدا، ئەوەی کەسێك باوەڕی پێدەهێنێت و

بەلایەوە جوانە، رەنگە بەجۆرێکی دیکە بۆ کەسێکی دی پاش ئەو دێت جیگای باوەڕپێهێنان و جوانی بێت٠ ئایا ئەم هەستە ئەوەندە هێزی هەیە بە رێبخات و وەك ئەو یەکلاکەرەوە و سۆزبەخش و خاوەنی بونیادێکی هاوئاهەنگ بێت،وەك ئەخلاقیاتی ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە مانەوەی رۆح و پاداشت و سزا هەیە! هەوڵمداوە سەرەتا مۆراڵیە نائایینیەکان لەسەر بونیادێکی واقیعەتی سروشتی جەستەیدا دابنێم (و بەم شێوەیە ئامانجەکەی تێزێکی خودایی دەبێت کە بەلای ئێوەوە پەسەندە) و لەسەر بنەمای ئەم بیرکردنەوەیە کە تەنها ئامادەبوونی ئەوی دیکەیە دەبێتە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی غەریزی تێبگەین رۆحمان هەیە (یان شتێك کە رۆڵێکی وەك رۆحی هەبێت)٠

ئەو شتەی کە من ناوم ناوە ئەخلاقی نائایینی، لە بنەڕەتدا ئەخلاقێکی سروشتیە، ئەخلاقێکە کە تەنانەت ئلییندارانیش نکۆڵی لێناکەن ئایا غەریزەی سروشتی کاتێك دەگاتە قۆناغی پێگەیشتنی شایستەیی و ئاگایی، ناتوانێت ببێتە بونیادێك گرنتیەکی پێویست لەخۆی بگرێت؟ رەنگە بیر بکەینەوە تێڕوانینێکی پێویست نیە بۆ فەزیلەت، دەشێت مرۆڤی نائایینی بیر لەو خراپەیە بکاتەوە کە لە نهێنیدا ئەنجامی دەدات، هەر بە نهێنی بمێنێتەوە٠ بەلام ئەوەشتان لە یاد بێت ئەگەر مرۆڤی نائایینی بیر لەوە بکاتەوە کەسێك لەسەروو ئەوەوە چاودێری ناکات، لە هەمانکاتدا هەر بەم شێوەیە دەزانێت هیچ کەس لێیخۆشنا بێت٠ لەو رووەوە کە تاوانبارە، تەنهایی بۆ ئەو بێکۆتایی و مردنیشی بێ ئومێدانە دەبێت، دەشێت ئەم کەسایەتیە زیاتر لە ئاییندارارن هەوڵبدات لە کۆڕی ئامادەبوواندا خۆی بە پاك نیشان بدات، ئەم مرۆڤە داوای لێبوردن لەوانی دی دەکات، ئەو گرفتاری خۆی لەناو خودی خۆیدا دەبینێت، هەر بەم بۆنەوەیە بەردەوام دەزانێت کە دەبێت لەبەرامبەرەکانی خۆش ببێت٠ بەم شێوەیە نەبێت چۆن دەتوانرێت واقیعێك بە رێبخرێت کە نائایینەکانیش خاوەنی دۆخێکی هەستکردن بە پەشیمانین؟

من لەگەڵ دیاریکردنی سنووری ئەو دژایەتیکردنەدا نیم کە لە نێوان ئەوانەی بڕوایان بە خودایەکی بالا هەیە لەگەڵ ئەوانەی بڕوایان بە ئایدیالێك نیە٠ لە یادمان نەچێت (زانستی مۆراڵی) ناوی گرنگترین شوێنەواری سپینۆزایە، ئەم کتێبە بەو پێناسەیە دەست پێدەکات کە سپینۆزا بۆ خودایەکی دەکات بەدیهێنەری خۆیەتی ئەم خودایە سپینۆزاییە هەروەك دەزانین، نەبالایە و نە کەسیەتیە٠

بەلام خەیاڵکردنی خودایەکی گەورە و تەنها لە جیهاندا جارێکی دی رامانکێشێتەوە بۆ ناوخۆی دەتوانێت خولقێنەری فەنتازیایەکی پێکەوە ژیان و چاکەخوازی بێت، ئەمەش بەو بەڵگەیەی کە هەمووومان لەکاری وەستاندنی هاوسەنگی و هەماهەنگی ئەو زاتە تەنهایەداین٠

تێبینی دەکرێت ئەم زاتە بە هۆی ئەو کارگەلەی کە بە هەزارەها ئەنجاممان داوە، بەشێوەیەك دەوڵەمەند یان لەکەدار بووبێت، هەر بۆیە نیگەرانین، لەم رووە ئەو بوێریە بەخۆم دەدەم ئەو بانگەشەیە بکەم کە (نەك تیۆرێکی میتافیزیکی، بەڵکو پەسەندکردنێکی چاوپۆشیکەرانەی ئەم ئومێدەش وازمان لێناهێنێت) تەنانەت لەم رووەوە دەتوانیت جارێکیتر پرسی جۆرێك لە ژیان دوای مردن تەرح بکەیت٠

جیهانی ئەلیکترۆنیکی ئەمڕۆ پێمان دەڵێت کە دەتوانین زنجیرەی ئەو پەیامانەی کە لە دەزگایەکی فیزیکیدا دەگوێزرێتەوە بۆ یەکێکی دی، بەبێ ئەوەی تایبەتمەندیە تایبەتەکانی خۆی ون بکات و تەنانەت باوەڕوایە لەو ساتەدا کە ئەو زنجیرە پەیامانە ریتمێکی تایبەتی

میتافیزیکی دەمێننەوە٠ کێ دەزانێت، ڕەنگە مەرگ لە جێی بەناویەکدا چوون بێت (implosion)، جۆرێك لە تەقینەوە بێت (explosion)، یان ڕەنگە ڕۆڵی بەکارهێنراوێکی سۆفت بێت (ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەوانی دی ڕۆح بخوێننەوە) کە لە شوێنێکەوە لەناو گەردەلولی کائینەکاندا سەر دەردەهێنێت، ئەو بەکارهێنراوە سۆفتەی کە لە ژیانی ئێمەدا دروست بووە، یان لە یادەوەری و خۆزگەکانماندا، بەم شێوەیە ڕەنج و ئازاری ڕیشەداری قوڵ ، یان هەستی ئارامی لەبەر بە ئەنجام گەیاندنی ئەرك یان عیشقێکی ئێمە، ئێوە دەڵێن بەبێ بوونی سەرمەشقێك کە مەسیحە و بە بێ گوتەی مەسیح، ئەخلاقی نائایینی بێبەشە لەو ڕێخستن و بەڵگە بونیادیەی کە هێزێکی پێدەبەخشێت لە باوەڕێکی لەبن نەهاتووەوەیە٠ بۆچی نائایینەکان بێبەش دەکەن لە مافی سوودوەرگرتن لەسەر مەشقی و لێبووردەیی مەسیح؟ کارلۆ ماریا مارتینی داوات لێدەکەم بۆ ڕێز لێنان لە باسەکەمان و ڕێز لەو ڕووبەڕوو بوونەوانەی کە باوەڕتان پێیەتی، دەشێت هەوڵبدەین و ساتێك بیر بکەینەوە لەوەی خودا بوونی نیە و مرۆڤ بەهۆی واقیعێکی ڕێکنەخراوەوە لە زەویدا پەیدا بووە و مەحکومیشە بە لەناوچوون، بەڵام لە هەمان کاتدا مەحکومە بەوەش کە ئاگای لەم لەناوچوونە بێت و لە ئەنجامی ئەم ئاگاییەدا مرۆڤ لەکۆی هەموو گیاندارانداا ناتەواوترینیانە (بمبوورە هەمان نەفرینی خەفەتباری لیۆپاردی بەکاردەهێنم)، ئەم مرۆڤەش کە بەشوێن بەدەستهێنانی توانایی پێویستدایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگدا، بەهۆی پێویستیەوە دەبێتە کائینێکی ئایینی و سەودای پەروەردەکردنی داستان گەلێگی گونجاو دەکات، ئەو داستانانەی کە بتوانن جیهانی بۆ ڕوون بکەنەوە و سەرمەشق و تابلۆیەك نمایش کەن حوکمی سەرمەشقکردنی هەبێت، لەکۆی ئەو سەرمەشق و تابلۆیانەی کە دەتوانێت لە خەیاڵگەی خۆیدا پەروەردەیان بکات (کە هەندێکیان ئومێد بەخش و هەندێکیشیان ترسێنەر و هەندێکی دیکەشیان ناسك ئەمانەش بۆخۆیان سەبووری بەخشن٠

لە لوتکەی زەمان و لەساتی گونجاودا، هێزێکی ئایینی و ئەخلاقی و شاعیرانەی پێویست دەبەخشێت بۆ پەروەردەکردنی سەرمەشقێکی وەك مەسیح، سەرمەشقێك بۆ عیشقێکی فراوان، بۆ لێبوردن لە دوژمنان، ئەو سەرمەشقە گیانیەی کە بۆ هێشتنەوەی گیانی ئەوی دی لە شێوەی قوربانیەکی ترسناکدا فیدا دەکرێت٠ ئەگەر من کۆچکەرێك بوومایە لە کاکێشانە دوورەکانەوە بهاتمایە و لەبەرامبەرمدا ئەو نموونەیەم بدیبایە کە دەزانێت سەرمەشقێکی لەمجۆرە پەروەردە بکات، دادوەری ئەم کائینە پیس و بێنەوایەم دەکرد، ئەو کائینەی کە هەستاوە بەو هەموو تاوانە ترسناکە، و تەنها بەو هۆیەوە پاك بووەتەوە لە تاوانەکانی سەرکەوتوو بووە لەوەدا ئارەزوو بکات و باوەڕ بکات ئەمە هەمووی ڕاستیە٠

تیۆرەکەی من واز لێبێنن، بەوانی دی بسپێرن، بەڵام ئەوە پەسەند بکەن کە ئەگەر مەسیح تەنها کەسایەتیەك بووایە لە داستانێکی گەورەدا، بەپێی ئەم واقیعیەتەی کە کائینەکان بەبێ دەست و پێ تەنها ئەوەیان بزانیایە کە نازانن و دەتوانن خەیاڵی داستانێکی لەم چەشنە بکەن موعجیزە بوو (بەشێوەی موعجیزەیەکی پڕ لە هێما و ڕاز)، ئەو ئیعجازەی کە بەڕادەی گەورەیی و موعجیزەی کوڕی خودا کە بەراستی شکڵی خۆی وەرگرتووە٠ ئەم هێما و ڕازەش سروشتی و زەمینیانە٠ هیچ کاتێك توانایی شۆك و نەرمکردنی دڵی نائایینیەکان لەدەست نادەن٠

بۆیە باوەڕم وایە ئەخلاقی سروشتی (کەبەهۆی ئایین پەرستیەکی قووڵەوە گیانی پێدەبەخشێت جێگای ڕێزە) لە رووی بونیادەوە دەتوانێت لەگەڵ سەرەتا ئەخلاقیەکاندا بەرامبەری بکات, چونکە لەسەر باوەڕبوون بە باڵایەك بونیاد نراون, ئەو باوەڕەی کە تەنها سەیری یەك شت دەکات ئەویش سروشتیەکانن, ئومێدی جاویدانی لەسەر دڵمان نەخشاندووە, ئەگەر هێشتا کاری دیکەی بەشەکی بونیاد هەبێت-کە هەشن لە کاتێکدا خاوەنی هەماهەنگین, هەمان رووداو لە رووبەڕوو بونەوەی ئایینە جیاوازەکاندا روو دەدات, ئەوەی کە دەبێت لە جیاوازی و کێشمە کێشە باوەڕیەکاندا حوکم بکات, خۆشەویستی و ئایندە بینیە.

ئۆمبێرا تۆ ئێکۆ